# نەقیزەکەی لالۆم

جەنابی موفەتیش

## قەڵەم پیسەکان ....!

لەو شارەزورەی جاران کوێخا دێیەک هەبوو شەو و رۆژ دیوەخانەکەی جمەی ئەهات..ئەو کاتە کوڕە تاقانەکەی تازە خەریکبوو سەری ئەهلەداو هێشتا بە تەواویش خەتی نەدابوو..بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا باوکی هەمیشە دەنوکی لەسەری بوو ناوبەناویش پێی ئەوت کوڕم ئەگەر لەمەودوادێیتە دیوەخان دابنیشیت ئەبێ ئاگات دەمت بێ (با)یەکت لێبەرنەبێتەوەو

حەیای منیش بەخۆتەوە بەریت ..!هەرچەندە کوڕەکەی ئەوکاتە زۆر سەری لەم ئامۆژگارییەی باوکی دەرنەئەکرد، بەلاّم هەر لەترسی ئەو قسەیە هەمیشە وەک گوێگرێک ئەچووە دیوەخان..رۆژگارهات وچوو دوای ئەوەی ئەم کوڕە خرایە بەرخوێندن و کەوتە جیهانی کتێب وخوێندنەوەو رۆژنامەو ئەنتەرنێتیشەوە ئیتر وردە وردە لەمەبەستەکەی باوکی حالّی ئەبووبەتایبەتی

دوای ئەوەی لە هەندێ رۆژنامەی خەستێنراوی دابەستەو سایتی کوردی بەرەڵلاو حەرەللاّدا، ئەو بابەتانەی ئەکەوتە بەرچاو وەک خوێنەوار بێزی لەخۆی ئەکردەوە ولە هەمانکاتیشدا ئەیوت راستە چەم بێ چەقەلّ نابێت، کەواتە پێویستە بلێم بە( نەقیزەکەی لالۆم )هەچە لەم قەلّەم پیسانەی ئەیانەوێ وەکو بێوەژن خۆیان بەسەر ئەدەب و رۆشنبیری کوردیداساغ بکەنەوە و بۆگەنیشیان تێبەرداوە ..هەچە لەو بێ خاوەنانەی کەسیان نەبووەو نیە، پێیان بلّێ ئاگاتان لە( دەم و قەلّەمەکانتان ) بێت با ئەوەندە( با )یانلێبەرنەبێتەوە و بۆگەن بەربدەنە ئەم عالەمە ..